…حەشدی شەعبی هاوکاری داعش دەکات؟ عیماد عەلی

زۆر پرسیار دەکرێت. ئەمە داعش دەیکات یان حەشدی شەعبی؟ هاوکارن لەگەڵ یەکرتدا یان ناڕاستەوخۆ بەدژەنانی ئامانجەکانیان بە قازانجی هەردوولایان دەیزانن؟ کێ پشتگیریان دەکات و هەواڵستی دەوڵەت چیە؟ بۆچی سەرکردەکانی کورد لە بەغدا هەواڵستی یەکلاکەرەوەیان نیە و باسی حەقیقەتی رووداوەکان وەکو خۆی ناکەن و چاوەڕی پاست و پڕگەن نەك چارەنوسی ئەو ناوچانە ؟ ئەمە دەستی دەرەکی تێدایە یان ململانێی نێوخۆییەکانە؟ قوناێی دەوڵەتی عیراق و رەگەزپەرستی و شڤینیەتی عەرەب رۆڵی لەم کردەوانە هەیە یان کاری تیرۆریستی و تایەفەگەری؟ بۆچی راگەیاندنی عەرەب خۆی لێکردووە بە نەبان؟ ئەگەر کورد ئەم رەفتارانەی بکردایە زۆرك بەکو خەمووان هاواریان لێهەلنەدەستا؟ بۆچی ئەم تونەوانە یەکگرتوون لە ئاست کورد دا؟… ئەمەو چەندین پرسیاری واقعیانە کە پێویستی بە وەاما.

ئەوەی لە ناوچە دابراوەکان رووەدات زۆر شیکردرنەوە هەدەگرێت، بەام ئەوەی بە کورتی پێویستە باس بکرێت و رووە ئەوەیە کە هەردوو تایەفە شیعە و سونە لەم بارەوە ریککەوتنکی ناراستەوخۆ و مەبدەئیان هەیە، بۆیە تا دێت دەستدرێژیەکانیان زۆرتر و فراوانتر دەبێت و کەسیان لەمەر دەستدرێژیەکانی داعش و حەشدی شەعبیش نوتقیان لێوەنایەت و باسیشی ناکەن و بەکو بسکەی سملیان دێت.
ئەوەی بۆ ئێمە رووە ئەوەیە، لەم کاتەدا هکاری دەرەکیش پاپشتی ئەم جۆرە رەفتارانەیە، ململانێی ناوچەییەکان جۆرك لە دووبارە بەخداچونەوەی عەرەبی عیراقی دەوێت و هەر یەکەو دەیەوێت شوین پێی قایمبکات لەمەر ئەگەر و شیمانەکانی بارودخی ئایندەی نزیك لە عیراق و ناوچەکەدا.

ئێران بەهەموو شێوەیەك دەیەوێت سنورەکانیخی شیعەریزبکات و ئەگەر بۆیبکرێت ناوچەکانی هەرمی کوردستانیش بە ناوچەیەکی سنوری ئارام دروست دەکات بۆخی، بۆیە ئەو شونانەی کە دابواون و حکومەتی هەرێم یان لاوازە یان هەر بوونی نیە تێیاندا، ئەوە وڵاتانی ناوچەکە و دەوروبەرو داروودەستەکانیان بە بەرنامە و پیلان رۆژانە ئامانجەکانیان تێدا دەپکن. هەمووان وەزعی نالەباری هەرمی کوردستان و نایەکگرتوویی و نەبونی حکومەت و ململانێی نابەجێی روخنەری لایەنە سیاسیەکانیان جوان ئیستیغلالکردووە.

هەردوو تایەفەکە حەشدی شەعبی داعشیان وەك چەکی ڕۆژانە لە چۆکردنی دەوروبەری شارە دابڕاوەکان بەکاردێنن، داعش تا ڕادەیەك لاواز بووە و حەشدی شەعبیش دەستی بە درۆزکردووە بۆ جێبەجێکردنی مەرامەکانی خۆیدا ئەگەر لە دواجار بە قازانجی خۆی بکەوێتەوە. ئەوەتا بە ئاسانی لە دەورەبەری خانەقین و کەرکوك هەهانگی ناراستەوخۆی خۆیان هەیە وجموجۆی خۆیان دەکەن و کردەوە سەربازی و تاوانەکانیان جێبەجێدەکەن و ئەگەر بکرێت حەشدیش تا ڕادەیەکی باش یارمەتیشیان دەدات، بۆ ئەوەی دواتر بە ئاسانی بتوانێت خۆی داگیریان بکات و زاڵ بێت بەسەریاندا.

سەرکردایەتی سیاسی کوردیش وەك ئەوەی لە گۆی گادا نوستبێت، ئاگای لە خولەی بۆزەوان نیە و تەنانەت زۆر ڕەفتار و لێدوان و ململانێ نێوخۆیی و حزبی دەکات کە لە قازانجی ئەو دوو لایەنە دەکەوێتەوە، بۆیە لە ڕوخانی سەدامەوە تا ئەمڕۆ، لەم قۆناغەدا؛ ناوچە دابڕاوەکان لە سەختترین باری نالەباری خۆیدا دەژێت و ڕۆژانە پاشەکشە دەکات و حزبە زلهێزەکانیش لە ململانێی تەسکی حزبی خۆیان نەکەوتوون کە بە تایبەتی لە زیانی ئەم ناوچانە و دوارۆژی دەکەوێتەوە، بەڵکو هەندێك ڕەفتار دەکەن کە دەکەوێتە قازانجی ئەو دوو دوژمنە سەرسەختەی کوردی ئەو ناوچانەوە. بۆیە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە تەنها هاوکاری ناراستەوخۆی داعش و حەشد زیانمەند نیە بەقەد ئەوەی کورد خۆی بە ڕەفتارەکانی لەم کاتەدا چەند زیانبەخشە بەو ناوچانە.

بۆیە پێویستە کورد پشت بەخۆی ببەستێت نەك هاواربکات و سوالی یارمەتی لە دوژمنانی بکات لەمبارەوە، کە بەڕوونی دیارە بۆچاریان داوە. یەکگرتوویی و هاوکاری و دوورخستنەوەی ململانێ حزبی دەرمانە نەك پەرشوبڵاوی و مەرایی بۆ بەغدا و ئەمو ئەو.
ئەوەی ڕوونە حەشدی شەعبی لەمکاتەدا ڕێگەی پانکردێتەوە بۆ داعش کە بەشەو مەرمەکانیان بپێکن و بە ڕۆژ لەخۆیان بگرن و دواجار و لە کۆتاییدا بە یارمەتی و خۆنرشتنی ڕۆژەی کورد توێیان بدەن و خۆیان ببنە خاوەن ماڵ.